# بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناو چاك ، پێشنیارەکانی کاك خەلیل غەزاڵیشم وەك خۆشەویستێکی چاك لا پەسەندە

عەلی مەحموود محەمەد " سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاك "

2007-10-6

www.anfal.be

لەسەر پێشنیاری برای زۆر خۆشەویستمان بەڕێز کاك خەلیل غەزالی دۆستی نزیکی چاك ئەم هەڵوێستە دەردەبڕم ، کە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا داوای لە چاك کردووە ، ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن بەشێوەی سەردەمیانە ، بەڕێزی داوامان لێدەکات لە جیاتی نووسینی پڕ لە مهاتەرات هانا بۆ کۆنگرەو دیالۆگ ببەین بۆ یەکلاکردنەوەی کێشمەکێشەکان ناوخۆمان ، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیش بەڕێزی دوو پێشنیاری داوە کە بریتین لە :

- بە زووترین کات کۆنگرەی گشتی چاك ببەسترێت .
- ئەو بەڕێزانەی بەشێوەیەك قسەیان لەسەرە ، خۆیان کاندید نەکەنەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری چاك لە کۆنگرەی داهاتوو .

من وەك عەلی مەحمود محەمەد سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاك ، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی چاك و پاراستنی یەکپارچەیی و دوورکەوتنەوە لە نووسینی زیان بەخش ، ئەم داواکارییەم پێ قەبوڵە ، هەرچەندە تێبینم لەسەری هەیە و داواکارییەکە برگەی دووەمی دوورە لە پرنسیپەکانی دیموکراسییەت و ئازادی خۆپاڵاوتن و لادانە لە بەرنامەی ناوەندی چاك ، وەلێ لە بەرژەوەندی چاك لێرەدا ڕایدەگەیەنم هەردوو داخوازەکەی کاك خەلیل غەزاڵی پەسەند دەکەم وەکو خۆم ، داخوازیشم لە هەموو ئەندامانی چاك ئەوەیە ، پێش کۆنگرە و دوای کۆنگرە دەست لە نووسینی مهاتەرات و حورمەت شکێنی هەڵبگرترێت ، داوا لە هەردوولا دەکەم با لە کۆنگرە ئازادانە قسەکانی خۆمان بکەین و هیچکە حورمەتی هیچ لایەك نەشکێنرێت ، با ئازایانە بچینە کۆنگرەیەکەوە تیایدا ڕێگا بۆ نەوەیەکی دیکە ئاواڵە بکەین لە داهاتوودا چاك بەڕێوەبەرن ، لە جێگەو پلەو پایەکانمان نەترسین ، بەرزترین پلە کارکردنە بە دڵسۆزانە بۆ قوربانیان ، قسەی زلیش بێدەست و پێیە هەموو کەس دەتوانێت بیکات ، بۆ ئاگاداری هەموو لایەکیش من پێشتر هەمان هەڵوێستم هەبووە لە وەڵام بە داواکارییەکی لەم چەشنەی کاك هادی بابا شێخدا .

http://www.helwist.com/1%20Taibety/1%20Rwange/09%2020
07/29%20%209%20%20Chak.htm